# گەشتێك لەگەڵ پەرەمێزەكان

**پەرەمێزێك: "تاوانبارنیمە، بەڵآم كردیانم بە تاوانبار"**

**پەرەمێزێكی تر: "ئەگەر مرۆڤەكان نەمان سوتێنن، ئێمە كەس ناسوتێنین، لەخۆشمانەوە ناتوانین هیچ بكەین ئەگەر ئەوان گڕمان نەدەن"**

**ریپۆرتاژی: جەلال ئەحمەد بەرزنجی**

ئەم راپۆرتە باس لە كێشەو گیرو گفتەكانی ئافرەتان بەگشتی دەكات كە ئەمڕۆ لە 90٪ ی ئەو ئافرەتانەی كە دەسوتێن دەڵێن بە پەرەمێز سوتاوە، هەر بۆیە بە چاكمزانی لەم بارەیەوە ئەم ریپۆرتاژە ئامادەبكەم و لە بارەی ئەو كێشەیە ئەم چەند بیرو راجیاوازانە وەربگرم، سەرەتا رووم‌كردە گەرەكی باداوەی سەرآ و لەوآ پەرەمێزێك كەلە حەمامەكە دانرابوو لەوبارەیەوە ئەو گوتی: من نزیكەی سآ ساڵە لەوماڵە خزمەت دەكەم بە بەردەوامی كارم پآ دەكەن، كەچی ئەوان هیچ وەفایەكیان بۆم نەبوو، جگە لەوەش هەڵسان لە خۆیانەوە تۆمەیەكی سوتانیان بۆ هەڵبەستم.

رووداوەكە روون و ئاشكرایە، بەڵآم زۆرێك لە پیاوان خۆیان لەگێلی دەدەن و نایانەوێت مەسەلەكە بە تەواوەتی روون ببێتەوە.

ئێوارەیەك لەماڵەوە ژمارەیەكی زۆر میوان هاتبوون، دوای ئەوەی كارێكی زۆریان بەمنكردو خواردنی زیاتر لە (23) نەفەریان بەمن ئامادەكرد، پاشان ئەوان خۆبەخۆ كەوتنە تانەو توانج لێدان لەیەكتری و ئەوەندەی نەبرد، لە پڕێكا زەنگی مۆبایلی یەكێك لە كچەكان لێیدا.

ئیتر هەر ئەو زەنگە بوو بەبآ یەك و دوو كەوتنە گیانی كچێكە هەرزەكاری تەمەن (19) ساڵآن بە چوار پێنج نەفەر هەموو گیانیان شكاند، لەو ماڵە بووبە هەراو قیژەیەك كەس بەكەس نەبوو، هەر بابایەبوو پەلاماری شتێكی دەدا هەر ئەوەندەم زانی یەكێك پەلاماری تفەنگەكەی دا، كچە هەرزەكارەكەش بە شپرزەییەوە هەڵآت لەبەردەستیان و چووە حەمامەكەو دەرگاكەی لەسەر خۆی داخست.

بەچوار پێنج كەس خەریكی كردنەوەی دەرگاكە بوون، بەڵام لەبەرئەوەی دەرگاكە زۆر پتەو و ئەستووربوو بۆیان نەكرایەوە، ئیتر لەترسان و لەناچاریانیش كچە هەرزەكارەكە كە تازە هەستی بە بوونی خۆی و ژیان دەكرد، دەستی دایە دەبە نەوتەكەو بەسەری خۆیداكردو لەو لاشەوە دەستی كردە چەرخەكەو بە چركەیەكی چەرخەكە جەستەی خۆی ئاگر تێبەرداو خۆی لەداخی ئەوان سوتاند.

ئەمەو دوای ئەوەی بڵێسەی ئاگرو بۆنی سوتان بەرزبۆوە دەرگاکەیان شکاندو کچەکەیان لە ژوورەوە هێنایە دەرەوە، بەڵام لەدوای ئەوەی کە کچەکە هەموو گیانی و جەستەی سوتابوو، هیچ شوێنێکی ساغی نەمابوو، تەنانەت قژە درێژە جوانەکەشی هەموو سوتابوو، دوای ئەوەی بردیان بۆ نەخۆشخانە لەوآ گوتیان لەکارکردن دابووەو ئەو بە پەرەمێز سوتاوە!

ئیدی پەرەمێزی قورِبەسەر ناوی کەوتە ناو ناوانەوەو هەر چییەکی دەسوتآ و خۆی دەسوتێنآ هەر دەڵێن بە پەرەمێز سوتاوە، ئەوەندەی نەبرد کچەکە لە نەخۆشخانە مرد، دوایش دەرکەوت هەرایەکە تەنیا لەسەر یەك نوکە کردنی مۆبایلەوە بووە، کەچی کچێکی جوانی هەرزەکاریان لەسەر یەك نوکەی مۆبایل لەناوبردو کۆتاییان بە ژیانی هێنا، هەروەها تاوانەکەشیان خستە ئەستۆی منی پەرەمێز.

هەر سەبارەت بەو مەسەلەیەو هەر لە گەرِەکی باداوەی سەرآ رووەمکردە ماڵێکی تر بۆئەوەی لە نزیکەوە لەگەڵا پەرەمێزەکەی ئەو ماڵەش قسەبکەم ئەویش کاتێك چووەمە ژوورەوە بینیم پەرەمێزەکە لە سوچێکی حەوشەکە دانرابوو ئاگرێکی شینی جوانی هەبوو مەنجەڵێك شیویشی لەسەربوو ئەویش گوتی: بەخوای ئەگەر ئاگرم تآ بەرنەدەن من ئاگر ناگرم و ئاگریش لەهیچ کەسێك بەرنادەم ئەوقسانەشی کە دەیکەن، بوخوای هەمووی بوختانەو بۆمی هەڵدەبەستن، ئێوە بۆخۆتان ئەوە دەمبینن چۆنم و چۆن کارم پآ دەکەن.

من کەسێکی زۆر پاك و بآ تاوانم، بەڵآم چەند کەسانێکی درۆزن و خراپەکار وایان کردووە کە ناوی من بخەنە لیستی رِەشەوەو ناوم بە بکوژو سوتێنەر دەربکرێت و هەر چییەکی دەشم بینآ مرِەم لێدەکات، وا دەزانآ باوکیم کوشتووە، بوخوای وانییە، بەڵآم داخەکەم وایان لێکردوم و باوابآ.

دوای ئەوەی لە باداوەی سەرآ تەواو بووین رِوومکردە گەرِەکی مامۆستایان و لەوێش چوومە سەردانی ماڵێکم کرد بۆئەوەی گفتوگۆ لەگەڵا یەکێك لە پەرەمێزەکانی ئەو ناوچەیەدا بکەم، ئەوەبوو کاتێك چوومە ژوورەوە پەرەمێزە فەندیم بینی لە ژووری چێشتخانەکە دانرابوو، منیش لێی نزیك بوومەوەو ئەویش لەوبارەیەوە گوتی: رۆژنیە ئافرەت بەناوی ئێمەوە نەکوژرآ و نەسوتێنرآ، هەروەها هیچ رۆژێکیش نییە بەناوی ئێمەوە درۆنەکرآ، بەڵآم ئێمە ناتوانین هیچ شتێك بکەین، ئەوەی کراوەو کە دەشکرآ بەناوی ئێمەوە هیچیان راست نین و سەرجەمیان درۆنە، ئەگەر یەکێك لەسەر هەر شتێکی تر خۆشی بسوتێنآ ئەوا هەر بەناوی ئێمەوە قسە دەکەن.

ئەگەر باس لەکێشەکان بکەم قەت کۆتاییان پآ نایەت، بەڵآم خۆ هەموو شتێك باس ناکرآ و هەموو قسەیەکیش هی کردن نییە، دەنا شت زۆرە ئەگەر بتوانی باسی لێوەبکەی.

هەر لەوبارەیەوە رووم کردە گەرِەکی دۆلاراوەو لەوآ چوومە ماڵێك بۆئەوەی پەرەمێزێك ببینم و قسەی لەگەڵدا بکەم، بەڵآم هەر چەندی چاوم گێرِا هیچ پەرەمێزێکم نەبینی، بەڵکو لەوآ لەنێو زۆربەی ماڵەکاندا غازو تەباغ شوێنی پەرەمێزیان گرتبۆوە، بەڵآم خوشکە تەباغیش هەندآ قسەی خۆی هەبوو، ئەویش لەوبارەوە گوتی: هەر باسی پەرەمێز مەکەن خۆ چارەی ئێمەش لەهی پەرەمێزەکان خراپترە، بەخوای زۆر بوختانیش بەناوی ئێمەوەکراوە.

بەناچاری لـەوآ هاتمـە دەرەوەو ڕوومکـردە گـەڕەکی شـۆڕش، لـەوآ بەرلـەوەی بـچمە ژوورەوەی ماڵێـك کۆنـە پەرەمێزێکی ژەنگاویـم بینی لەسەر زەوی و لەناو بەردو دار فڕآ درابـوو، ئـەویش کاتێـك لێـی نزیـك بوومـەوە و لێیم پرسی: بۆچی لێرە کەوتوویی! ئەویش لەوەڵآمدا گوتی: پیری و سـەد عـەیبی، بـەخوای راسـتە کـەپیربوویت کەس پێت ڕازی نییە، و پیری و سەد عەیبی، منیش پیربوویمەو کەسم پآ ڕازی نیەو لێرە فڕێیان داوم و کەسـیش لێم ناپرسآ، دەنا منیش زۆر خزمەتم کرد، بەڵآم ئاخ بوختـانی زۆریـشیان بـۆ هەڵبەسـتم و درۆی زۆریـشیان کـرد بەناوی منەوە کەچی ئەوهاشیان لێکردم.

دوای تەواوبوونی گفتوگۆیـەکـەمان، چـووم لـە دەرگـتی مـاڵێکم داو چـوومە ژوورەوە، لـەوآ بینـیم پـەرەمێزێك دانرابوو، دیاربوو تازە کڕابوو زۆر نـوآ و جـوان و سـەرنج ڕاکـێش بـوو، پەرەمێزەکـە زۆر جیـاواز بـوو لەگـەڵآ پەرەمێزەکانی تر کە پێشتر قسەم لەگەڵیانداکرد ئەوان هەموویـان ڕەش و برش و ژەنگـاوی بـوون، بـەڵآم ئـەوەیان زۆرجوان و سەرنج ڕاکێش بوو، ڕووخسارێکی زۆر جوانی هەبوو بۆڕییـەکەی جوان و و نوآ بـوو، بۆیاغەکەشـی هەر لەردوورەوە دەبریسکایەوە، بەڵآم کاتێك چوومە لای ئەو ئامادەنەبوو هیـچ قسەیـەکمان بۆبکات. بۆیـە منـیش بەناچاری ئەویـم جآ هێشت و ڕۆیشتم، هەر چەند ماڵێك لەوآ ڕۆیـشتم چوومە ماڵێکی تر لـەوآ پـەرمێزێکی زۆر سەیرم بینی دیاربوو ئەو زۆر پیربوو، کاتێك کە لێی نزیك بوومەوە ئەویش لەوبارەیـەوە گوتی: من زیـاتر لـە (9) ساڵە لەوماڵەدا هەم و دەژیـم، بـەردەوامیش خزمـەت دەکـەم، بـەڵآم لەوماوەیـەدا تـەنیا (4) جـار سـەرەکەیان بـۆ گۆڕیوم ئەگەرنا هەروەکو خۆم ماومەتەوە، زۆرشتم دیوەو زۆرشتیش دەزانم.

ئەو قسانەی کە بەناوی ئێمەوە باسی لێوە دەکـرێتن راسـت نیـنـە، بـەڵکو هـەموویان هەڵبەسـتراون و قـسەی پـڕو پوچن، ئەگەرنا من ئەوە (9) سـاڵە تەمـەنم لـە ماڵێکـدا هـەم تـاوەکو ئێـستا هیـچ حاڵـەتێکی وا نـەبووە کـە هیـچ کەسێکم تووشی سوتان کردبێت، ئەوەی سوتاویشە بۆخۆی خۆی سوتاندووەو نەوتی بەخۆیـدا کـردووەو خـۆی سوتاندووە نەك ئێمە ئەوانمان سوتاندبێت، بەڵآم قسەی زۆر بەناوی ئێمەوە دەکەن کە دەڵێن گوایە ئێمـە ئـەوانمان سوتاندووە، داخەکەم هیچ کەسێك نایەت لە ئێمە بپرسی، چونکە ئەگەر لە ئێمە بپرسـن هـەموو راستەکانیان بـۆ ڕوون دەبێتەوە.

پەرەمێزێکی دیکەش کە دیاربوو ئەویش تازە پـەرەمێزبوو لـەماڵێکی تـازە ماڵـدابوو، ماڵەکـە تـەنیا دوو مانگێـك دەبوو دروستکرابوو تەنیا پیاوێکی لێ دەژیاو ئەو فڕێ درابوو لە پەنایەکەوە جیا لەهـەموو بۆچـوونەکان و قـسەی پەرەمێزەکانی تر دواو گوتی: من ماوەیەك بەر لە ئێستا ژنێکم سوتاند کە تازە بووك بوو هـەمووی سـآ هەفتەیـەك دەبوو گواسترابۆوە ئەوم کە سوتاند، خەتاکەی هی من نەبوو، بەڵکو هی خۆی بوو، ئەوەندەی پەمپ لێـدا تـاوەکو لە پڕێکا هەڵچووم و لە حەمامە تەنگەکەش کە ئەو خەریکی خۆ شوشتن بوو سوتا، هەڵـچوونی مـن خەتاکـەی هـی ئەوبوو نەك من، ئیدی دوو ڕۆژ ژیاو مرد، منیش لەم کولانکەیە فڕآ درام و کەسیش لێمـی نەپرسـیوەتەوە، بـەڵآم من پەشیمانیش نیم لەوکارە، چونکە ئەو کارە مـن نـەمکردووە ئـەو بۆخـۆیکردی و بۆخۆشـی خـۆی سـوتاندو تاوانی منیش نەبوو.

هەر سەبارەت بەو مەسەلەیە بەچاکم زانی سەردانێکی ناو بازاڕیش بکەم، دوای ئەوەی کە چوومە ناو بازاڕی پەرەمێز فرۆشەکان، لەوی جۆرەها پەرەمێزم بینی، پەرەمێزی نان و پەرەمێزی دیکە، بەڵام هەر کە چوومە ئەوآ پەرەمێزەکان رووخساریان زۆر پاك و بێگەردبوو، دوای ئەوەی ماوەیەك گەڕام و سوڕام، چوومە لای یەکێك لە وەستاکان، لەوآ وەستاکە لە ناو دوکانەکەیدا لە لای سەرەوە ژمارەیەکی زۆر پەرەمێزی شکاو و کۆنە لەسەر یەك دانابوو، ئەویش هەر کە چوومە ژوورەوە یەکێك لە پەرەمێزەکان گوتی: من بۆیە لێرە کەوتووم، لەبەرئەوەی بوختانم پێ کراوەو ئێستاش لێرە فڕآ دراوم و پەرەمێزی نوآ جێگای من و ئەو برادەرەوانەمیان گرتۆتەوە، کەس قەدری ئێمە نازانآ، هەر لەوآ پەرەمێزێکی دیکەش هاتە دواندن و گوتی: براکەم ئەمڕۆ تاوانەکانی سوتان کە روو دەدەن هەر هەموویان خراونەتە ئەستۆی ئێمەی پەرەمێزەوە، ئێمە زۆر پاکین، ئەگەر مرۆڤەکان نەمان سوتێنن، ئێمە قەت کەس ناسوتێنین و لەخۆشمانەوە ناتوانین هیچ بکەین ئەگەر ئەوان گڕمان نەدەن، بەڵام کچان و ژنانیش زۆر بەبآ عەقڵی ئەو کارەدەکەن و خۆیان دەسوتێنن، ئەوەش لەبەر بآ دەسەڵآتیە کە ئەو کارەدەکەن.

لە کۆتایشدا روومکردە گەڕەکی نەورۆزو لەوێش چوومەماڵێك پەرەمێزێکی لێ بوو کە چەند ساڵێك دەبوو کاری دەکرد، ئەویش لەوبارەیەوە گوتی: ماوەیەکی زۆرە لێرە لەو ماڵە کاردەکەم، بەڵآم تاوەکو ئێستا تووشی هیچ شتێك نەبوویمەو هیچ کەسێکیش لێرە نەمردووەو نەسوتاوە، بەڵآم ئەوانەی کە دەسوتێن زۆربەیان بۆخۆیان، خۆیان دەسوتێنن و دەمرن، بەڵآم لەترسی قسەو قسەڵۆکی خەڵکی و لەترسی دروست بوونی کێشە بۆیان لەلایەن پۆلیس و دادگاوە ئەوان درۆ دەکەن و دەڵێن: بە پەرەمێز سوتاوە، یان هەیە لەترسی ئەوەی کە نەوەکو لە نەخۆشخانە لەلایەن دکتۆر بکوژرێت بە دەرزی، چونکە هەندآ لە پزیشکەکان ئەو کارەیان دەکردو هەرچییەکی خۆی بسوتاندبایە ئەوان دەیان کوشتن بە دەرزی، ئیدی هەر بۆیە ئەوان ناچاربوون درۆبکەن و کارەکە بخەنە سەر ئەستۆی پەرەمێزەوە، بەڵآم ئەگەر بڵێن بەپەرەمێز سوتاوە راست نییە، لە 95٪ ی ئەوانەی کە دەسوتێن بۆخۆیان خۆیان دەسوتێنن، جا بەهەر هۆیەکەوەبێت ئایا لەماڵەوە کێشەی هەیە یان تووشی گرفتێکی دەروونی بووە ئیدی دەڵێن بە پەرەمێز سوتاوە.